# سووتماك

ئەمساڵ
لە ناو خاكێكی بێ وڵات
بوو بە هەیهات
گڕە....ژەهرە خاك دەتەنێ
كوردستانە بەرەورووی پێدەكەنێ

*　　　*　　　*

ئەمساڵ
هەگبەی خەمی شەتەكدراو
كرایەوە.......
فاشیستەكان...بیروباوەڕیان سووتاندو
خۆڵەمێشی،
لە ناو رووبارێكی سووری سەرهەڵگرتوودا
گیرسایەوە...

*　　　*　　　*

لە قەراخی ئەم رووبارە
كابرایەكی ڕیشەلانی دیارە
بە رووت و قووتی
بە دیار جلە تەڕەكانیەوە
ژیشك ئاسا خۆی گرمۆڵە داوە
خۆریش وەكو كچێكی ئاشق
جار جار لە پەنا هەورێكی چڵكنا
پێی پێ دەكەنێ

بەهاری ١٩٨٧

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com